# بەهای فەلسەفە

بێرتراند ڕاسڵ
لە ئینگلیزییەوە: ئەحمەد غەریب
(ئەڵمانیا)

ئێستا گەیشتینە کۆتایی توێژینەوە کورت و ناتەواوەکەمان لەبارەی گرفتەکانی فەلسەفەوە، لە ئەنجامدا کارێکی باش دەبێت، بایەخ بدەین بەوەی کە بەهای فەلسەفە چییە و لەبەرچی پێویستە بیخوێنین. زۆر پێویستە بایەخ بە ئەم پرسیارە بدەین، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە زۆر لە خەڵک لە ژێر کاریگەری زانست، یان کاروبارێکی پراکتیکی، وەها گومان دەبەن کە فەلسەفە شتێکە لە بێ ئاگایی باشترە، بەڵام خۆخەلافاندنێکی بێ سوودە، هەروەها بەدواداگەڕان و مشتومڕکردنە لەسەر بابەتگەلێک کە زانینیان ئەستەمە.

ئەم تێڕوانینە بۆ فەلسەفە، بەشێکی دەرئەنجامی هەڵە تێگەیشتنە دەربارەی کۆتایی ژیان، بەشێکیشی هەڵە تێگەیشتنە لەو جۆرە شتانەی کە فەلسەفە تێدەکۆشێت بۆ بەدەستهێنانیان.

زانستی فیزیکی، لە ڕێگای داهێنانەکانەوە، سوودبەخشن بۆ خەڵکانێکی بێ شومار کە بە تەواوی هیچ لەبارەی ئەو زانستەوە نازانن؛ بۆیە خوێندنی زانستی فیزیکی، خواستی لەسەر دەبێت هەر تەنیا لەبەر ئەوە نا کە بە پلەی یەکەم کاریگەری لەسەر خوێندکار دەبێت، بەڵکو زیاتر لەبەر کاریگەرییەکەیەتی لەسەر مرۆڤایەتی بە گشتی. ئەم سوودگەرابییە لە فەلسەفەدا نییە. ئەگەر خوێندنی فەلسەفە جگە لە خوێندکارەکانی فەلسەفە بەهایەکی بۆ ئەوانی دیکەش هەبێت، ئەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبێت؛ لە ڕێگەی کاریگەرییەکانی لەسەر ئەوانەی کە دەیخوێنن. بەهاکەی لەناو ئەو کاریگەرییانەدایە، بۆیە ئەوە ئەو جێگایەیە کە دەبێت تێیدا بە دوای بەهای فەلسەفەدا بگەڕێین.

دواتر، بۆ ئەوەی شکست نەهێنین لە هەوڵەکەمان بۆ



**بێرتراند ڕاسل**

دیاریکردنی بەهای فەلسەفە، سەرەتا دەبێت عەقڵمان لە بڕیاری پێش وەختە ئازاد بکەین و ئەوەش کە بە هەڵە بە مرۆڤی پراکتیکی ناوبراوە. مرۆڤی پراکتیکی، بەو پێیەی ئەم وشەیە زۆر بەکاردێت، کەسێکە کە تەنیا گرنگی بە پێویستییە مادییەکان دەدات، کەسێکە لەوە تێدەگات کە مرۆڤ پێویستی بە خۆراکە بۆ لەشی، بەڵام بێ ئاگایە لە زەرورەتی دابینکردنی خۆراک بۆ عەقڵ. ئەگەر هەموو مرۆڤەکان لە باشیدا بن، ئەگەر هەژاری و نەخۆشی تا ئەوپەڕی ڕادەی لە توانایدابوو کەم بکرێنەوە، هێشتا زۆر کار دەمێنێت ئەنجام بدرێت بۆ بەرهەمهێنانی کۆمەڵگایەکی شایستە و خاوەن بەها، تەنانەت لە جیهانی ئێستاماندا پێویستییەکانی عەقڵ لانی کەم وەک پێویستییەکانی لەش گرنگن. تەنیا لە ڕێگەی پێویستییەکانی عەقڵەوە دەتوانین بەهای فەلسەفە بدۆزینەوە؛ هەروەها تەنیا ئەوانەی کە نامۆ نین بەو پێویستییانە دەتوانن لەوە تێبگەن کە خوێندنی فەلسەفە کات بە فیڕۆدان نییە.

فەلسەفە، وەک هەموو لێکۆڵینەوەکانی دیکە، بە پلەی یەکەم ئامانجی زانینە. ئەو زانینەی کە فەلسەفە بە ئامانجی دەگرێت ئەو جۆرە زانینەیە کە یەکێتی و سیستەم بە هەیکەلی زانست دەبەخشێت، زانینێکە کە لە دەرئەنجامی تاووتوکردنی ڕەخنەیی ئەو بنەمایانەن کە ئێمە وەک بۆچوون و بڕیاری پێش وەختە و باوەڕ وەرمانگرتوون. بەڵام ناتوانین ئەوە ساغ بکەینەوە کە بڵێین فەلسەفە خاوەنی پێودانگێکی زۆر سەرکەوتووە لە هەوڵدان بۆ هێنانە کایەی وەڵامێکی تەواو و بێ کەموکووڕی بۆ پرسیارەکان. ئەگەر پرسیار بکەیت لە ماتماتیکزانێک، کانزاناسێک، مێژووناسێک، یان هەر پسپۆڕێکی دیکەی بوارەکانی فێرکردن، بپرسیت ئەو ڕاستییە سەلمێنراوانە چین کە زانستەکەی بەدەستی هێناوە، وەڵامەکەی درێژە دەکێشێت تا ئەو کاتەی تۆ ئارەزووی گوێگرتنت هەیە، بەڵام ئەگەر هەمان پرسیار لە فەیلەسووفێک بکەیت، ئەگەر ڕاشکاو بێت، دەبێت دان بەوەدا بنێت کە بوارەکەی ئەو بە هیچ ئەنجامێکی ئەرێنی نەگەیشتووە وەک ئەوەی زانستەکانی دیکە پێی گەیشتوون. ئەوە دروستە کە بەشێکی بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە، کە هەر کاتێک زانینی تەواو دەربارەی بابەتێک بەدەستهات، ئەو بابەتە چیتر پێی ناوترێت فەلسەفە، بەڵکو دەبێتە زانستێکی سەربەخۆ. هەموو توێژینەوەکان دەربارەی ئاسمان، کە ئێستا لە خانەی ئەستێرەناسیدان، ڕۆژانێک لەناو فەلسەفەدا بوون؛ کارە مەزنەکەی نیوتن "بنەما ماتماتیکییەکانی فەلسەفەی سروشت". بە هەمان شێوە، توێژینەوە دەربارەی هۆشی مرۆڤ، کە بەشێک بوو لە فەلسەفە، ئێستا لە فەلسەفە جودا بووەتەوە و بووە بە زانستی دەروونناسی. بەم جۆرە، تاڕادەیەکی زۆر، نادڵنیایی فەلسەفە لێرەدا زیاتر دەردەکەوێت وەک لەوەی کە هەیە: ئەو پرسیارانەی کە ئێستا توانراوە وەڵامی تەواو بدرێنەوە لە ناو زانستەکاندا شوێنگیربوون، لە کاتێکدا ئەو پرسیارانەی ئێستا ناتوانرێت وەڵامی تەواویان بۆ بەدەست بهێنرێت، وەک پاشکۆ ماونەتەوە و پێی دەڵێین فەلسەفە.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە تەنیا بەشێکە لە حەقیقەتی نادڵنیایی فەلسەفە. پرسیاری زۆر هەن - لەناویاندا ئەوانەی کە لە قووڵترین ئارەزووەکانی ژیانی ڕوحیمان سەرچاوە دەگرن- کە تا ئەوکاتەی دەشێ پێشبینی بکەین، ئەو پرسیارانە لەبەردەم توانایی تێگەیشتنی مرۆڤ بێ وەڵام دەمێننەوە، مەگەر تا ئەو کاتەی تواناییەکانی مرۆڤ بە تەواوی بگۆڕێن و جیاوازبن لەوەی ئێستا هەیە. ئایا گەردوون یەکێتییەکی پلاندار و بە مەبەستە، یان کۆبوونەوەیەکی بە ڕێکەوتی

گەردیلەکانە؟ ئایا ئاگایی مرۆڤ بەشێکی هەمیشەییە لە گەردوون، تا هیوابەخش بێت بۆ گەشەکردنی دانایی، یان ڕێکەوتێکی کاتییە لەسەر هەسارەیەکی بچووک کە لە کۆتاییدا ژیانی تێدا نامێنێت؟ ئایا چاکە و خراپە بۆ گەردوون گرنگن، یان تەنیا بۆ مرۆڤ؟ پرسیاری لەم جۆرە لەلایەن فەلسەفەوە دەکرێت و لە لایەن فەیلەسووفانەوە بە شێوەی هەمەچەشن وەڵام دراونەتەوە. بەڵام وەها دەردەکەوێت، کە ئەگەرچی وەڵامەکانی فەلسەفە داهێنەرانەبن، یان نا، هێشتا هیچ کام لە وەڵامەکان ڕاستیی بێگەرد نین، هەرچەندە هیوای دۆزینەوەی وەڵامێک کەم بێت، هێشتا ئەوە بەشێکە لە ئیشی فەلسەفە کە بەردەوامی بە بایەخدان بەو جۆرە پرسیارانە بدات، بۆ ئەوەی لە گرنگییان بە ئاگامان بهێنێت و هەر بەرەوپێشچوونێک لە بارەیانەوە تاووتو بکەین، هەروەها بۆ زیندوو ڕاگرتنی ئەو ئارەزووی زانینە لە گەردووندا، کە ئەم ئارەزووی زانینە شیاوی لەناوچوونە بەهۆی خۆ پەیوەستکردنمان بە زانینی دڵنیایی و تەواو. مەبەست ئەو جۆرە زانینەیە کە حازر بەدەستن و پرسیار دروست ناکەن.

ئەوە ڕاستە گەلێک فەیلەسووف وایان داناوە، کە فەلسەفە دەتوانێت وەڵامی دڵنیایی بۆ ئەو جۆرە پرسە بنەڕەتییانە دابمەزرێنێت. ئەوان پێیان وایە ئەوەی کە لە باوەڕە ئایینییەکاندا زۆر گرنگە، ئەوەیە کە بتوانرێت ڕاستی ئایینی بسەلمێنرێت لەڕێی پرۆسەیەکی سەلماندنی بەهێزەوە. بڕیاردان لەسەر هەوڵێکی لەو جۆرە، پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی گشتییە دەربارەی زانینی مرۆڤ، بۆ ئەوەی بتوانین بۆچوونێک دابڕێژین بەپێی میتودەکانی و سنووردارێی توانایییەکانی. لە بابەتێکی وەهادا ناژیرانەیە ئەگەر ڕاگەیاندنێکی دۆگماتیکی بکەین؛ بەڵام ئەگەر لێکۆڵینەوەکانی بەشەکانی پێشوومان بە لا ڕێماندا نەبەن، پێویستە ئێمە بە ناچاری دەستبەرداری ئەو هیوایە ببین کە بتوانین وەڵامی فەلسەفی بۆ سەلماندنی باوەڕی ئایینی بدۆزینەوە، هەر بۆیە ئێمە ناتوانین هیچ وەڵامێکی دڵنیایی بۆ ئەو جۆرە پرسانە بکەینە بەشێک لە بەهای فەلسەفە. لێرەوە جارێکی دیکە، پێویستە بەهای فەلسەفە لەسەر ئەو بنەمایە نەبێت کە ئەوەی دیراسەی دەکات لەسەری پێویست بێت کە زانینی تەواو و دڵنیایی بەدەست بهێنێت.

ڕاستییەکەی بەهای فەلسەفە لە لێکۆڵینەوەی فراوان بەناو نادڵنیایییەکانیدا دەدۆزرێتەوە. ئەو مرۆڤەی لە فەلسەفە بێ بەشە، ژیانی زیندانییە لەناو کۆمەڵێک بڕیاری پێش وەخت کە سەرچاوەیان بریتین لە تێگەیشتنی عەوام و کۆمەڵێک باوەڕی خووپێوەگرتووی سەردەم، یان نەوەی خۆی و چەند بۆچوونێک کە لە هزریدا لەگەڵیدا گەورە بوون بە بێ ئەوەی خۆی لە هۆکاری هەبوونیان بەشداربووبێت. بۆ مرۆڤێکی لەو جۆرە جیهان وەها دەردەکەوێت کە پێناسەکراوە، سنووردارە، ڕوون و ئاشکرایە؛ بابەتە گشتییەکان هیچ پرسیار و داچڵەکینێک دروست ناکەن، هەروەها شیاوەکییە نائاشناکان وەک بابەتێکی بێ بایەخ ڕەت دەکرێنەوە. هەر کاتێک دەستمان بە فەلسەفەکاری کرد، بە پێچەوانەوە، وەک لە بەشەکانی پێشوو بینیمان، بۆمان دەردەکەوێت، کە تەنانەت ئەو بابەتانەی زۆر ڕۆژانەیین دەبنە گرفتی وەها کە تەنیا دەتوانین چەند وەڵامێکی ناتەواویان بۆ دەست بخەین، هەرچەندە فەلسەفە ناتوانێت وەڵامێکی دڵنیایی و تەواومان پێ بڵێت بۆ ئەو گومانانەی سەرهەڵدەدەن، بەڵام لە باریدایە گەلێک شیاوەکی پێشنیار بکات کە بتوانێت هزرمان فراوان بکات و ئازادی بکات لە دەسەڵاتی ملکەچکەری نەریت. بەم جۆرە، کەمبوونەوەی هەستی دڵنیایی لە زانینی شتەکان، وادەکات ئەو هەستەمان بە ڕادەیەکی زۆر زیاد بکات کە دەمانەوێت بزانین ئاخۆ دەبێت چییەتی ئەو شتانە چی بن؛ بەشێوەیەک هەستی بە فیز و دۆگماتیزمی ئەو کەسە دەسڕێتەوە کە هەرگیز گەشتی نەکردووە بۆ ناوچەی ڕزگاری گومان، هەروەها هەستکردن بە سەرسوڕمان لە ئێمەدا بە زیندوویی دەهێڵێتەوە، بە خستنەڕووی شتانێکی ئاشنا لە ڕەهەندێکی نائاشناوە.

جگە لە سوودی خستنەڕووی چەند شیاوەکییەکی بە خەیاڵدا نەهاتوو، فەلسەفە بەهایەکی دیکەی هەیە – ڕەنگە بەهای سەرەکی بێت – لەڕێی فراوانی ئەو بابەتانەی تێرامانی بۆ دەکات، هەروەها ئازادبوون لە ئامانجە کەسی و بەرتەسکەکان کە لە ئەنجامی ئەم تێرامانەوە بەدەست دێت. ژیانی مرۆڤی ئارەزووخواز ژیانێکی داخراوە لەناو بازنەی ئارەزووە تایبەتییەکانی؛ ڕەنگە خێزان و هاوڕێ لە بازنەکەدا بن، بەڵام جیهانی دەرەوەی ئارەزووەکانی بایەخ پێ نەدراوە، مەگەر تەنیا

لەو کاتانەدا کە یارمەتیدەر، یان ڕێگر بێت لەو شتەی دێتە ناو بازنەی خۆزگە ئارەزووخوازەکانییەوە. ژیان بەم شێوەیە شتێکە پەرێشان و داخراوە، بە بەراورد بە ژیانی فەلسەفی کە ئارامی و ئازادییە. جیهانی تایبەتی ئارەزووە غەریزییەکان جیهانێکی بچووکە، لە ناوەڕاستی جیهانێکی مەزن و بەهێزدایە، کە بە ناچاری زوو، یان درەنگ جیهانە بچووکەکەمان لێ تێک دەدات. هەتا ئەو کاتەی نەتوانین ئارەزووەکانمان فراوان بکەین و بە شێوەیەک هەموو جیهانی دەرەوە لە خۆ بگرێت، وەک ئەو پاسەوانە دەمێنینەوە کە لە قەڵایەکدا گەمارۆ دراوە، بە زانینی ئەوەی کە دوژمن ڕێگرە لە دەربازبوون و خۆ بەدەستەوەدانی تەواوەتی تاکە ڕێگای ناچارییە. ژیانێکی لەم جۆرە ئاشتی تێدا نییە، جگە لە ململانێیەکی بەردەوام لە نێوان پاڵەپەستۆی ئارەزوو و بێ توانایی ئیرادە. ئەگەر ژیان بریتی بێت لەوەی مەزن و ئازاد بین، دەبێت بە هەر ڕێگایەک بێت، لەم زیندان و ململانێیە ڕزگاربین.

تێڕامانی فەلسەفی یەکێکە لە ڕێگاکانی ڕزگاربوون. تێڕامانی فەلسەفی، لە بەدواداچوونە فراوانەکەیدا، گەردوون دابەش ناکات بۆ دوو سەربازگەی دوژمنکاری – هاوڕێ و دوژمن، هاوکار و نەیار، چاکە و خراپە – بەڵکو بە بێ لایەنی وەک گشتێک لێی دەڕوانێت. تێڕامانی فەلسەفی، کاتێک کە تێکەڵوپێکەڵ نەکرابێت، ئامانجی ئەوە نییە بیسەلمێنێت بەشەکەی دیکەی گەردوون پەیوەست و لێکەوتەی مرۆڤە. هەموو زانین بەدەستهێنانێک بریتییە لە فراوانبوونی خود(١)، بەڵام ئەم فراوانبوونە سەرکەوتووتر دەبێت ئەگەر لە هەوڵێکی یەکسەرەوە نەبێت. ئەم فراوانبوونە کاتێک بەدەست دێت کە پاڵنەری کارا بە تەنیا ئارەزووکردن بێت بۆ بەدەستهێنانی زانین، لەڕێی لێکۆڵینەوەیەکەوە کە نیازی ئەوەی نەبێت خاسیەتێکی دیاریکراو بەسەر ئۆبێکتەکاندا بسەپێنێت، بەڵکو خود پەروەردە بکات لەسەر ناسینی ئەو خاسیەتانەی کە لە ئۆبێکتەکاندا دەیدۆزێتەوە. ئەم فراوانبوونەی خود، بە دەست نایەت ئەگەر؛ ئێمە خود وەک ئەوەی هەیە وەربگرین و وەهای نیشان بدەین کە خود هاوشێوەی جیهانە و دەشێ بیناسین بە بێ ئەوەی هیچ بەدواداچوونێک بۆ ئەو شتانە بکەین کە وەک نامۆیەک دەردەکەون. ئارەزووکردن بۆ سەلماندنی ئەمە، جۆرێکە لە خود-سەپاندن، هەروەها هەموو خود-سەپاندنێک، بەربەستێکە لە بەردەم گەشەسەندنی خود-دا، کە خود لەبارەی ئەم گەشەسەندنەوە دەزانێت و ئارەزووی لێیەتی. لە ڕوانگەی تێڕامانی فەلسەفییەوە، خود-سەپاندن جیهان بە جۆرێک دەبینێت کە ماناکەی پەیوەستە بە کۆتاییەکانی خۆیەوە؛ ئەمەش وادەکات جیهان بایەخی کەمتر بێت لە خود، بۆیە خود خۆی سنووری فراوانی شتەکان دیاری دەکات. لە تێڕامانی فەلسەفیدا بە پێچەوانەوەیە، ئێمە لە نا-خود(٢)ەوە دەست پێ دەکەین و بەپێی فراوانی سنوورەکانی، سنوورەکانی خودیش ؛ لەڕێی بێ سنووری گەردوونەوە فراوان دەبن، عەقڵ کە تێڕامان دەکات هەندێک لەو بێ سنوورییە بەدەست دەهێنێت.

لەبەر ئەم هۆکارەیە کە ئەو فەلسەفانەی گەردوون بە مرۆڤ دەچوێنن مەزنێتی ڕوح ناگرنەخۆ. زانین شێوەیەکە لە یەکێتی نێوان خود و نا-خود؛ ئەم یەکێتییە وەک هەموو یەکێتییەک، بە زۆرلێکردن دەشێوێت، بە هەمان شێوە ئەگەر بە هەر زۆرلێکردنێک هەوڵ بدەین گەردوون هاویەک بکەین بەوەی کە لە خودی خۆماندا دەیدۆزینەوە. ئاراستەیەکی فەلسەفی بەربڵاو هەیە کە ئەم ڕوانگەیەی هەیە، پێمان دەڵێت مرۆڤ پێوەری هەموو شتەکانە و ڕاستەقینە شتێکی مرۆڤ-کردە، هەروەها کات و شوێن و جیهانی گەردوونی هەمووی لە سنووری پانتایی عەقڵدان، ئەگەر شتێک لەلایەن عەقڵەوە بەدی نەهاتبێت ئەوە ناسینی ئەستەمە و هیچ بایەخێکی بۆ ئێمە نییە. ئەگەر لێدوانەکانی پێشترمان ڕاست بن، ئەوە دەبێت بڵێین ئەم ڕوانگەیە ناڕاستە، جگە لە ناڕاستییەکەی دەکرێت ئەوەش زیاد بکەین کە کاریگەرییەکەی هەموو بەهای تێڕامانی فەلسەفی دەبات و دەیکاتە کۆتی دەستی خود، لێرەوە ئەوەی پێی دەڵێت زانین یەکێتی نییە لەگەڵ نا-خود، بەڵکو لە کۆمەڵێک بڕیاری پێش وەخت پێکهاتووە، بۆچوونی خوو پێوەگرتوو، هەروەها ئارەزوو، کە دەبنە هۆی دروستبوونی پەردەیەکی بەربەست لە نێوان ئێمە و جیهانەکەی پشتی. ئەو مرۆڤەی کە چێژ لە تیورییەکی زانینی وەها دەبینێت، وەک ئەو کەسەیە کە هەرگیز بازنەی بنەماڵەکەی تێنەپەڕاندووە لە ترسی ئەوەی نەوەک وتەکانی دژی ڕێساکان بن.

تێڕامانی فەلسەفی ڕاستەقینە، بە پێچەوانەوە، ڕەزامەندە لەگەڵ هەموو فراوانبوونێکی نا-خود، هەموو شتێک کە تێڕامان لە ئۆبێکتەکان مەزن بکات، لێرەوە سوبێکت تێڕامان دەکات. تێڕامان هەموو شتێک دەگرێتەوە، کە کەسی و تایبەتن، هەموو ئەو شتانەی کە لەسەر بۆچوونی خوو پێوەگرتوو ڕاگیربوون، ئارەزووە خودییەکان، یان چێژ، کە شێوەی ئۆبێکت دەشێوێنن و ئەو یەکێتییە تێک دەدەن کە عەقڵێکی بە ئاگا بە دوایدا دەگەڕێت. لەم ڕوانگەیەوە دروستکردنی بەربەست لە نێوان سوبێکت و ئۆبێکت، وەک شتە کەسی و تایبەتییەکان دەبێتە زیندان بۆ عەقڵ. عەقڵی ئازاد وەک خودایەک دەبینێت، بە بێ هیچ لێرە و ئێستایەک، بەبێ خۆزگە و ترس، بە بێ ڕێگری باوەڕە باوەکان و بڕیارە نەریتییەکان، بە ئارامی و بێ هەڵەشەبوون، وەک یەکەیەکی تایبەت کە ئارەزووی زانینە، ئەو جۆرەی زانین کە شەخسی نییە، لە بیرێکی بێگەردەوە هاتووە، بە شێوەیەک کە شیاوی بەدەستهێنان بێت لە لایەن مرۆڤەوە، هەروەها لەسەر ئەم بنەمایە بیری ئازاد زیاتر بایەخ بە زانینی ئەبستراکت و گەردوونی دەدات، کە ڕووداوە مێژوویییە تایبەتییەکان ناگرێتەوە، وەک لە زانینێک کە لە هەستەکان و ئەو سەرچاوانەی کە باوەڕمان پێیەتی وەرمانگرتووە، پێویستە زانین لە سەرووی ڕوانینی تاکەکەسی و تایبەتییەوە بێت و لەسەرووی هەستەوەرە ئۆرگانیکەکانی جەستەوە بێت کە چەندێک زانین دەبەخشن، ئەوەندەش دەیشێوێنن.

ئەو عەقڵەی کە بە ئازادی و بێ لایەنی تێڕامانی فەلسەفی ئالوودە بووە، بەشێک لەم ئازادی و بێ لایەنییە وەردەگرێت و لە جیهانی کردە و سۆزدا دەریدەبڕێت. بەشێوەیەک دەڕوانێتە ئامانج و ئارەزووەکانی کە بەشێک بن لە گشت، بە بێ هەبوونی ململانێ کە ئەنجامی لێ ڕوانینیانە وەک پارچەی زۆر بچووک و دابڕاو کە کردەی هیچ کەسێک کاری لێ نەکردوون. بێ لایەنی لە تێڕاماندا، ئارەزوویەکی بێگەردە بۆ گەیشتن بە ڕاستی، هەمان چۆنیەتی عەقڵە، کە لە کردەدا، بریتییە لە دادپەروەری، هەروەها لە سۆزدا بریتییە لە خۆشەویستی گەردوونی کە دەشێ بە هەموانی ببەخشین، نەک تەنیا ئەوانەی کە لامان بەسوود و پەسەندن. بەم جۆرە تێڕامان نەک تەنیا ئۆبێکتەکانی هزرمان فراوان دەکات، بەڵکو ئەو ئۆبێکتانەش فراوان دەکات کە بەر کردە و سۆزمان دەکەون؛ دەمانکاتە هاوولاتییەکی گەردوونی، نەوەک هاوولاتی شارێکی سنووربەند کە لەگەڵ هەموو ئەوانی دیکەدا لە شەڕدا بێت. لەم هاوولاتیبوونە گەردوونییەدا ئازادی ڕاستەقینەی مرۆڤ پێکدێت، لەگەڵ ڕزگاربوونی لە کۆتی ترس و خۆزگە تەسکەکانی.

بەم جۆرە، بۆ ئەوەی گفتوگۆکەمان دەربارەی بەهای فەلسەفە پوخت بکەینەوە؛ فەلسەفە پێویستە بخوێنرێت، نەک لەپێناو بە دەستخستنی وەڵامی دڵنیایی بۆ پرسیارەکان، لە کاتێکدا کە وەڵامی دڵنیایی ناتوانرێت دابین بکرێت و وەک ڕێسایەک بناسرێت بۆ ڕاستی، بەڵکو لە پێناو خودی پرسیارەکان؛ لەبەر ئەوەی ئەو پرسیارانە بۆچوونمان فراوان دەکەن لەبارەی ئەوەی چی شیاوەکییە، پرسیارکردن وێناکردنی ڕۆشبیریمان دەوڵەمەند دەکات، هەروەها ئەو لەخۆ ڕازیبوونە دۆگماتیکە کەم دەکاتەوە کە عەقڵ لە گومانکاری دادەبڕێت؛ لە سەرووی هەموو ئەوانەوە، لەبەر مەزنی گەردوون کە فەلسەفە تێڕامانی بۆ دەکات وادەکات عەقڵیش مەزن ببێت و بتوانێت بگات بە ئەو یەکێتییە لەگەڵ گەردووندا، کە بەرزترین چاکەی لێ دەکەوێتەوە.

**سەرچاوە:**

**Bertrand Russell, The Problems of Philosophy, Chapter XV The Value of Philosophym,(1912).**